کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-5-2007 18:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەرەو رۆژی جیهانی منداڵان 6/1 .. منداڵانی کوردستان لەبازاڕەکانی کاردا ژیان و منداڵیی دەبەنەسەر ... ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی

چەند رۆژێکی تر و لەیەکەم رۆژی مانگی حوزەیراندا، دەکەوینە بەردەم بۆنەیەکی جیهانییەوە، ئەویش جەژنی جیهانی منداڵانە، ئەم رۆژە رۆژێکە بۆ خەباتکردن لەدژی پێشێل کردنی مافەکانی منداڵان و سەرەتایەکیشە بۆ ڕەنگاوڕەنگ کردنی دنیای سادەی منداڵان.



ساڵانە بەبێ ئەوەی منداڵانی کوردستان بەتایبەتی منداڵانی ئیشکەر و کارخانەکان پێی بزانن لەکوردستان ئەم یادە بەبێدەنگی تێدەپەڕێت و هیچ گفتوگۆیەك بەدوای خۆیدا ڕاناکێشی.

منداڵانی کوردستان نەك هەر لەخۆ ئامادەکردندا نین بۆ یادکردنەوەی ئەم رۆژە بەڵکو زۆربەی هەرە زۆریان خەبەریان لەسەر رۆژەکە نییە، بەڵکو لەگەڵ هاتنی ئەم بۆنەیەدا سەدا منداڵی ئیشکەر لەبازاڕەکانی کاردا دەبینیت کە سەرقاڵی عەلاگەفرۆشی و بۆیاخی پێڵاو و سەوزەو میوەفرۆشی و شاگردی و هەندی ئیش و کاری ترن بۆ پەیداکردنی بژێویی خێزانەکانیان.

هەردی عوسمان-تەمەن دوانزە ساڵ لەبەردەرکی سەرای شاری سلێمانی مێزێکی بچووکی داناوە و سەرقاڵی بۆ یاخکردنی پێڵاوە و رۆژانە نیو پاکەت جگەرەی رۆیاڵ دەکێشێت و برادەرەکانی بەخولەبانگی دەکەن، هیچ زانیارییەکی لەسەر رۆژی جیهانی منداڵان نەبوو، دەربارەی کارەکەشی وتی: هەموو رۆژێك بەیانیان سەعات نۆ یان نۆونیو دێمە بازاڕ دەست دەکەم بەئیشکردن تاوەکو سەعات هەشت یان هەشت و نیوی ئێوارە و جارجارەش رۆژی هەینی دەکەم بەپشوو و لەگەڵ یەك دووبرادەرمدا خەریکی پاسکیل لێخورین دەبین.

هەردی وتی: دوو ساڵە ئیش دەکەم، لەپۆلی پێنجەم بووم کە وازم لە قوتابخانە هێنا چونکە باوکم پێشمەرگە بوو بریندار‌بوو ئێستا کەم ئەندامە و کەس نییە کاسبیمان بۆ بکات، یەکەمجار کارتی مۆبایلم دەفرۆشت بەس ئەوە بەکەڵك نەدەهات ئیتر بووم بەبۆیاخچی.

ڕەنجە زیاد-تەمەنی سیانزە ساڵە، جگە لەوەی سەرقاڵی خوێندنە بەڵام لەدوای دەوامی قوتابخانە کارتی مۆبایل دەفرۆشێت لەبازاڕدا، لەبەرئەوەی باوکی نییە و دایکی شووی کردۆتەوە و ئێستا لەماڵی نەنکی دەژی و ناچارە بەشداریی بکات لەگەڵیان بۆ بژێویی پەیداکردن، وتی: باوکم نییە و دایکم شووی کردۆتەوە و ئێمەی بەجێهێشتووە، من و خوشکەکەم لەماڵی نەنکم دەژین (دایکی باوکم) بەڵام ئەگەر ئیش نەکەم پارەمان نابێت و خوشەکەکەشم نابێت بچێت بۆ قوتابخانە، چی بکەم هەر دەبێت ئیش بکەم ئەگینا کەس نییە یارمەتیمان بدات.

لەبارەی ئەوەچی لەبارەی رۆژی 6/1 وە دەزانێت وتی: بەخوا هیچ نازانم، نازانم کەس بۆی باس نەکردووم، نەنکم پیرە ئەو شتانە نازانێت، لە قوتابخانەش لەپۆلی شەشی سەرەتایم بەڵام مامۆستاکان شتی وایان بۆ باس نەکردووین. ئەحمەد ئازاد- تەمەنی سیانزە ساڵە، لەبەردەم مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی عەلاگە فرۆشی دەکات و ساڵێکە وازی لە خوێندن هێناوە و باوك و دایکی هەیە دەڵێت: مانگی دووهەزار دینار دەدەین بەکری خانوو، چوار خوشکم هەیە بەسە خۆم برام، ماڵی خۆشماندا تەنیا باوکم ئیش دەکات، ئەویش نەخۆشیی گورچیلەی هەیە رۆژێك دەچێت بۆ کرێکاریی و دوسی رۆژی تر لەبەر نەخۆشی ناتوانێت بچێت بۆ ئیش.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەحمەد وتیشی- ناچار خۆم و دایکم ئیش دەکەین، دایکم مەکینەی هەیەو وردە ئیشی خەیاتیی دەکات بەڵام دوکانی بۆ ناگیری هەر لەماڵەوە ئیشەکە دەکات.

*کاتێك چاومان دەگێڕا بەنێو بازاڕەکانی شاری سلێمانیدا لەهەر چرکەیەکدا چەندان منداڵ دەهاتنە بەرچاومان کە سەرقاڵی کارکردن بوون، بەبێ ئەوەی یاسایەك یان دەسەڵاتێك هەبێت لەو منداڵانە بپرسێتەوە کە سەدانیان تەمەنیان لەخوارووی شانزەساڵییەوەیە، تەنانەت لەکاتی چوونمان بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەر لە پرسگەوە کێشەیان بۆ دروستکردین و لەبەردەستی دەستی نەمانتوانی سەرنجیان وەربگرین.

دواتر گەڕاینەوە بۆ نێو جەرگەی بازاڕەکان و ڕاپۆرتەکەمان لەگەڵ منداڵان خۆیاندا درێژە پێداو لەنزیکەوە لەگەڵ چەند منداڵێکی ئیشکەر گفتوگۆمان کرد.

ڕێژین هادی – منداڵێکی یانزە ساڵەو لەدوکانی دارتاشی باوکیدا شاگردیی دەکات وتی:

ئێستا قوتابخانەم تەواوبووە، هاتومە لێرە ئیش دەکەم، باوکم دەڵێت دارتاشی شتێکی زۆرچاکە بۆیە لەئێستا وە منی هێناوە بۆ ئێرە دەڵێت با فێری ئیشکردن بیت کە گەورەبوویت حەزت لەئیش دەبێت وتیشی: حەزم دەکرد خەریکی یاریکردن و شتی وابوومایە بەس ماڵەوە دەڵێن ئیشەکە باشترە، خۆم حەزم لەخولی کۆمپیوتەرە ماڵەوە ناهێڵن بچم.

دیدار محەمەد-منداڵێکی تری سیانزە ساڵەو پشووی هاوینان لەبازاڕدا کاردەکات، هیچی لەبارەی ڕۆژو جەژنی جیهانی منداڵانەوە نەدەزانی، بەدەم جگەرەکێشانەوە وتی: خۆم هەر حەزم لەئیشە، بەڵام ئەگەر یاریی و خول و ئەوانە هەبێت ئەویش هەر خۆشە.

لەبارەی جگەرەکێشانەوە وتی: بەدزی ماڵەوە جگەرە دەکێشم، ئێمە جەماعەتێکین هەموومان جگەرە دەخۆین بەیەکەوە بەتایبەتی ئێواران کە ئیشەکەمان تەواو دەبێت.

هۆگر سەردار-منداڵێکی دوانزە ساڵەیە و ماوەی ساڵێکە دەستیکردووە بەئیشکردن، وتی: زۆر حەزدەکەم بچمە شاری یاری و حەزیشم زۆر لەمەلەوانییە بەڵام دایکم دەڵێت بچۆ ئیشەکە بکە باشترە، پارەکەت بەفیڕۆمەدە، چاو لەمنداڵی تر مەکە، ئەوانە باوکیان دەوڵەمەندە و وەك ئێمە نین نابێت چاو لەو منداڵانە بکەین.

*دەربارەی کاریگەرییەکانی ئیشکردن لەسەر سایکۆلۆژیای منداڵان و تێکەڵبوونیان بە دنیای جەنجاڵی مامەڵە و کڕین و فرۆشتن، مامۆستا (شەهلا حەمە حسێن) توێژەری کۆمەڵایەتی وتی: بەپێی هەموو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کە زۆربەی وڵاتان لەنێویشیاندا عێراق ئیمزایان کردووە کارکردنی منداڵانی خوارتەمەنی شانزە ساڵی قەدەغەو یاساغە بەڵکو بەرپرسیارێتی ئەو منداڵانە دەکەوێتە سەر ئەستۆی خێزان و حکومەت، بەڵام لەکوردستان بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری ئابورییەوە منداڵان ئیش دەکەن، ئەم هاتنە ناو بازاڕەی منداڵان کاریگەریی زۆر خراپی هەیە لەسەر ڕەنگرێژکردنی سایکۆلۆژیاو کەسێتی منداڵ چونکە بەریەك کەوتنی دەبێت لەگەڵ دنیای جەنجاڵی گەورەکان، ئەم حاڵەتە وادەکات قۆناغی سروشتی منداڵی بزر بکەن و داخڵ بەدنیایەك بن کە دنیای خۆیان نییە.

دواتر (شەهلا) وتی: بەچوونە بازاڕی منداڵان دەبێت خۆمان بەتاوانبار بزانین، نابێت منداڵ کاربکات بەتایبەتی کە ئەمڕۆ دەبینین منداڵان بەهۆی ئەو فاکتۆرەوە تووشی لادانی کۆمەڵایەتی دەبن و خووڕەوشتی ناسروشتی دەنوێنن و جگە لەوەش لەلایەن هەندی کەسی لادەرەوە ئیستغلال دەکرێن بۆ مەبەستی سیاسی و ئابووریی و سێکسی و هتد ...

شەهلا حەمە حسێن- بڕوای وایە دەبێت حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و خێزانەکان بەهەماهەنگی کاربکەن بۆئەوەی پارێزگاریی لەمافەکانی منداڵان بکەن و دنیایەکی جوان بۆ منداڵان دروست بکەن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تاببنە نەوەیەکی گەش و زیندوو لەداهاتوو نەك نەوەیەکی بێ دەربەست و لادەر و ناکۆمەڵایەتی کە لەم بوارەشدا دەبێت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن شانبەشانی دامەزراوەکانی تر یارمەتی ئەو پرۆسەیە بدەن، چونکە لەدنیادا هیچ شتێك نییە هێندەی تەلەفزیۆن منداڵ بەخۆیەوە وابەستە بکات.

Shamzini 79@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.